ئەمڕۆ هەڵبژاردەی کوردستان لەگەڵ هەڵبژاردەی ئۆلۆمپی عێراق یاری دەکات

وەرزش SPORT 278

وا بڕیارە ئەمڕۆ کاتژمێر ٦٫٣٠ی ئێوارە لە یاریگای نێودەوڵەتی شەهید فەرەنسۆ هەریری لە هەولێری پایتەخت، لە ئەزمونێکی کەم وێنەدا، هەڵبژاردەی هەرێمی کوردستان یاریەکی دۆستانە لەگەڵ هەڵبژاردەی ئۆلۆمپی عێراق ئەنجام بدات کە خۆی بۆ یاریەکانی پاڵاوتنی ئۆلۆمپیادی ئەسینا ئامادە دەکات.یاریزانانی هەڵبژاردەی کوردستان لە شارەکانی هەولێرو دهۆک و سلێمانی و زاخۆ و کەرکوک پێک هاتوون کە لەلایەن ئەنجومەنی باڵای وەرزش- نوسینگەی یانەو یەکێتیە وەرزشیەکان دەست نیشانکراون بەم شێوەیەی خوارەوە:-

دەستەی سەرپەرشتیار : سەفین کانەبی ب. یەکێتیەکان - موئەیەد مەغدید ب. یانەکان.

دەستەی راهێنەران: عومەر مەجید ئاغا/ هەولێر - عەبدوڵڵا مەحمود/ بروسک - خەسرۆ گورون/ سلێمانی. نیعمەت مەحمود/ دهۆک.

یاریزانان: هەرمان ساڵح ، بێوار سەلام، جاسم محەمەد سلێمان(دهۆک)، عەجیب عەلی، ئەمین یونس، رەزوان نازی (زاخۆ)، هێمن حەمەد ئەمین، شێرزاد ئیسماعیل (ئارارات)، قەهار حوسێن (ئاسۆ)، دیدار حامد، محەمەد حەمەخان، سائر سلێوا، مۆفەق یونس (بروسک)، سەرهەنگ موحسن ، عیماد ئەسعەد، سەمیر سدیق، حوسێن عەلی، کەیفی عەبدولڕەحمان، شاخەوان عومەر (هەولێر)، مستەفا کامل (سۆلاف)، لەگەڵ چەند یاریزانێک لە شاری سلێمانی.

ژمارە (٢٧٨) چوارشەممە ١٨ / ٦ / ٢٠٠٣ ٢٧٠٣ی کوردی ٤ لاپەرە نرخی دوو Wednesday 18 / 6 / 2003

ئەمڕۆ پاڵەوانیەتی تۆپی پێی جامی کیشوەرەکان دەست پێدەکات

یاریەکانی ئەمڕۆ:- کاتژمێر ٩ی ئێوارە ژاپۆن لەگەڵ نیوزیلەندە یاری دەکات لە یاریگای سانت دێنس.

- کاتژمێر ١١ی شەو فەرەنسا لەگەڵ کۆلۆمبیا یاری دەکات لە یاریگای لیۆن.

کاتژمێر ٨ی ئێوارە بەکاتی کوردستان لە یاریگای سانت دێنس لە شاری پاریس یاریەکانی پاڵەوانیەتی جامی کیشوەرەکان لە یاری تۆپی پێ دا دەست پێدەکات بەبەشدار بوونی ٨ هەڵبژاردە کە بەسەر دوو کۆمەڵە دابەش کراون بەم شێوەی خوارەوە:-

کۆمەڵەی یەکەم: فەرەنسا- ژاپۆن-کۆلۆمبیا- نیوزلەندە.

کۆمەڵەی دووەم: بەرازیل- تورکیا-کامیرۆن-ئەمریکا

لاپۆرتا بووە سەرۆکی بەرشلۆنە

لە هەڵبژاردنەکانی یانەی بەرشلۆنەی ئیسپانی خوان لاپۆرتا بۆ پۆستی سەرۆکی یانە هەڵبژێردرا دوای ئەوەی زیاتر لە ٥٧ ٪ی دەنگەکانی بەدەست هێناو بە جیاوازییەکی زۆر لەگەڵ نزیکترین رەکابەرەکانی لویس باسات کە بە پلەی دووەم هات.

لەدوای سەرکەوتنی خوان لاپۆرتا جارێکی دیکە بەڵێنی دا کە کاپتنی هەڵبژاردەی ئینگلتەرە دێڤید بێکهام لەیانەی مانشستەر یونایتد بهێنێتە یانەی بەرشلۆنە بەرامبەر بە ٥٠ ملیۆن دۆلار. شایانی باسە پێش چەند رۆژێک یانەی مانشستەر یونایتد رایگەیاند کە رەزامەندی نیشان داوە لەسەر فرۆشتنی بێکهام بۆ یانەی بەرشلۆنە بەمەرجێک لاپۆرتا لە هەڵبژاردنەکان بباتەوە.

مایکل شوماخەر هاتە پێشەنگی جامی جیهانی فۆرمولایەک

شۆفێری ئەڵمانی مایکل شوماخەر پاڵەوانی جیهان لە پێشبڕکێ یەکانی ئۆتۆمۆبیل جۆری فۆرمولایەک نازناوی پاڵەوانی خەڵاتی گەورەی کەنەدا قۆناغی هەشتەمی جامی جیهانی بەدەست هێنا کە لە مەیدانی «جیلفۆن نوث» ئەنجام درا، برا بچووکی مایکل شوماخەر «رالف» بە پلەی دووەم هات و شوفێری کۆلۆمبی خوان پابلۆ مۆنتۆنا بە پلەی سێیەم هات. بەبەدەست هێنانی ئەم نازناوە مایکل شوماخەر بۆ یەکەمجار لە وەرزی ئەمساڵ هاتە پلەی یەکەمی ریزبەندی گشتی جامی جیهانی لە فۆرمولایەک بە کۆکردنەوەی ٥٤ خاڵ بەجیاوازی ٣ خاڵ لەگەڵ شۆفێری فنلەندی کیمی رایکۆنین کە بە پلەی شەشەم هات لەم پاڵەوانیەتیەدا.

لە تێنسی سەرزەوی دا ئەندی رۆدریک و رۆجێر فدرێر دوو پاڵەوانیەتی دەبەنەوە

لەمیانی خۆئامادەکردن بۆ یاریەکانی پاڵەوانیەتی وێمبلدۆن لەیاری تێنسی سەرزەوی دا کە لەکۆتایی ئەم مانگەدا لەشاری لەندەن ئەنجام دەدرێت، یاریزانی ئەمریکی ئەندی رۆدیک پاڵەوانیەتی کوینزی بەریتانی بەدەست هێنا دوای ئەوەی لەیاری کۆتاییدا بەئەنجامی «٢-سفر» کۆمەڵە لە یاریزانی فەرەنسی «سباستیان گرۆژان» ی بردەوە ئەنجامی کۆمەڵەکان (٦-٣)(٦-٣) بوو، لەم پاڵەوانیەتیەدا ئەندی رۆدیک خێراترین سێرفی لە مێژوودا تۆمارکرد کە خێراکەی گەیشتە ٢٤٠ کیلۆمەتر لەیەک کاتژمێردا. لەلایەکی دیکەوە یاریزانی سویسری رۆجێر فدرێر پاڵەوانیەتی هالی ئەڵمانی بەدەست هێنا بەسەرکەوتنی لەیاری کۆتاییدا بەسەر یاریزانی ئەڵمانی نیکۆلاس کیڤەری بردەوە بەئەنجامی «٢-سفر» کۆمەڵە ئەنجامی کۆمەڵەکان (٦-١)(٦-٣) بوو.

رۆنالدۆو راول ریال مەدرید بەرەو لوتکە دەبەن

بەکۆتایی هاتنی یاریەکانی هەفتەی ٣٧ی خولی یانەکانی ئیسپانیا، یانەی ریال مەدرید گەڕایەوە پێشەنگی یانەکان بە کۆکردنەوەی ٧٥ خاڵ دوای ئەوەی لە یاری داربی شاری مەدرید بەئەنجامی «٤-سفر» گۆڵ لە یانەی ئەتلەتیکۆ مەدریدی بردەوە، گۆڵەکانی یانەی ریال مەدرید رۆنالدۆ و راول هەریەکەو دوو گۆڵیان تۆمار کرد.

یانەی ریال مەدرید سوودی لە دۆڕاندی یانەی ریال سۆسیداد وەرگرت بەرامبەر یانەی سێلتا فیگۆ بەئەنجامی «٣-٢» گۆڵ، یانەی سێلتا فیگۆ پلەی چوارەمی مسۆگەر کرد دوای دۆڕاندنی یانەی ڤالانسیا بەرامبەر یانەی بەرشلۆنە بەئەنجامی «٣-١» گۆڵ.

لەدوا هەفتەدا ریال مەدرید میوانداری یانەی ئەتلەتیکۆ بلباو دەکات و ریال سۆسیداد لەگەڵ یانەی ئەتلەتیکۆ مەدرید یاری دەکات و لەهەمان خول سێلتافیگۆو بەرشلۆنە، ئەسپانیۆڵ و دیپورتیڤۆ لاکەڕۆنیاو، ڤالانسیاو سیڤیلیا، مەلەگاو مایۆرکا، ڤەلەد وەلیدو ئالاڤیس، ریال بیتیس و ڤیاریال رووبەڕووی یەکتری دەبنەوە.

سان ئەنتۆنیۆ سپێرس بووە پاڵەوانی خولی NBA

یانەی سان ئەنتۆنیۆ سپێرس نازناوی پاڵەوانی خولی یانە پیشەگەرەکانی ئەمریکای لە یاری تۆپی باسکە بەدەست هێنا دوای ئەوەی بەئەنجامی «٤-٢» سەرکەوتن بە پێش یانەی نیوجەرسی نێتز کەوت.

لە شەشەم یاری نێوان هەردوو یانەدا، یانەی سان ئەنتۆنیۆ سپێرس بەئەنجامی «٨٨-٧٧» خاڵ سەرکەوتنی بەدەست هێناو نازناوی پاڵەوانی خولی NBAمسۆگەر کرد بۆ وەرزی ٢٠٠٢-٢٠٠٣.

یاریزانی یانەی سان ئەنتۆنیۆ تیم دانکن بەباشترین یاریزانی قۆناغی کۆتایی دەست نیشانکرا.

شایانی باسە ئەوە شەشەمین ساڵە لەسەریەک پاڵەوانی ناوچەی رۆژئاوا ئەم نازناوە بەدەست دەهێنێت.

خشتەی تەواوی کاتی سازدانی سەرجەم یارییەکانی شەشەمین پاڵەوانیەتی تۆپی پێی جامی کیشوەرەکان بەکاتی کوردستان لەلاپەڕە (٣)دا بڵاوکراوەتەوە

پانۆرامای هەواڵەکان

خولەکا توپاپێ ل ئاکرێ

ل روژا پێنج شەمبی رێکەفتێ ٢٠٠٣/٦/١٢ و لدەم ژمێر ٦ێ ئێڤاری و لیاریگەها ئازادی و ب ئامادەبوونا بەرپرسێ لقێ ئاکرێ لاوان و جەماوەرەکێ زور ناوەندا ئاکرێ لاوان و بهەفکاری د گەل بنگەهێ بروسک لاوان خولا گولێن کچکە بو ١٢ تیپێن وەرزشی ڤەکر. ئەڤەو یاریا ئێکێ دناڤ بەرا تیپا مەتین و تیپا ئەیلول هاتە ئەنجام دان کەتێدا تیپا ئەیلول شیا ٣ گولا تومار بکەن بەرامبەر ٢ گولا و هەژی گوتێ یە کە روژانە دوویاری دهێنە رێڤەبرن کە تیپ ل سەر دوو گروپا هاتینە دابەشکرن.

خولێکی مەشق

پاش رووخانی رژێمی بەعس هەفتەی رابردوو بۆ یەکەمین جار لێژنەیەکی کاتی بۆ رێکخستنەوەی کارەکانی یەکێتی بەرزکردەوەی قورسایی لەشاری بەغدا دامەزرا، لە یەکەم هەنگاو بڕیاریاندا خولێکی مەشق بۆ یاریزانانی هەڵبژاردەی عێراق لە لاوان و پێشکەوتوان لەشاری هەولێر ئەنجام بدەن.

ئاهەنگی ١٠٠ ساڵەی دامەزراندنی یانەی گریمیۆی بەڕازیلی

یانەی گریمیۆی بەڕازیلی ئاهەنگی ١٠٠ ساڵەی دامەزراندنی گێڕا بەلام لە یاریەکانی هەفتەی ١٢ی خولی یانەکانی بەڕازیل نەیتوانی دڵی هاندەرانی خۆش بکات دوای ئەوەی بەبێ گۆڵ لەگەڵ یانەی ئەنتەر ناشیونال بەرامبەر بوون دوای ئەوەی گۆڵچی هەردوو یانە ئاستێکی بەرزیان نواند و ناوبژیوانیش ٩ جار کارتی زەردی لە رووی یاریزانان بەرزکردەوە.

ریکۆردێکی تازەی جیهانی

لە پاڵەوانیەتی مینیسترۆم لە پێشبڕکێی یەکانی مەلەوانیدا کە لە شاری بەرشلۆنەی ئیسپانی ئەنجام درا، مەلەوانزانی ئۆکرانی «دیمتری کۆمندیکۆڤ» ریکۆردێکی تازەی جیهانی لە پێشبڕکێی ٢٠٠ مەتر لەسەر سینگ تۆمارکرد دوای ئەوەی ماوەکەی بەکاتی «٢٫٠٩٫٥٢» خولەک بڕی، لەهەمان کات دا مەلەوانزانی روسی ئەلکسەندەر پۆپۆڤ پلەی یەکەمی لە هەردوو پێشبڕکێی ٥٠ مەترو ١٠٠ مەتر سەربەستی بەدەست هێنا.

راهێنەرێکی نوێ بۆ هەڵبژاردەی بۆلیڤیا

سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی پۆلیڤیا کاستینۆ رایگەیاند کە راهێنەری شیلی «نیلسۆن ئەکۆستا» ئەرکی راهێنانی هەڵبژاردەی پۆلیڤیای وەرگرت بۆ ماوەی چوار ساڵی داهاتوو بەمەبەستی ئامادەکردنی هەڵبژاردەی ناوبراو بۆ یاریەکانی پاڵاوتنی ئۆلۆمپیادی ئەسیناو مۆندیالی ئەڵمانیا، شایانی باسە نیلسۆن ئەکۆستا راهێنەری هەڵبژاردەی شیلی بوو لە مۆندیالی فەرەنسا ١٩٩٨.

ئەرمسترۆنگ پلەی یەکەمی هێنایەوە

پایسکل سواری ئەمریکی بەناوبانگ لانسی ئەرمسترۆنگ پلەی یەکەمی لە پاڵەوانیەتی دۆفینی فەرەنسی لە یاری پایسکل سواری دا بەدەست هێنا کە لە هەشت قۆناغ پێک هاتبوو، لەدوا قۆناغ دا پایسکل سواری فەرەنسی سیدەر ڤاسیل پلەی یەکەمی بەدەست هێنا بەلام ئەرمسترۆنگ پاریزگاری لە پلەی یەکەمی ریزبەندی گشتی کرد.

سەلاحەدین سیامەند سەلامەتە

دوێنێ لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی شاری مۆسکۆی پایتەختی روسیا نەشتەرگەرییەکی سەرکەوتوو بۆ قاچی یاریزانی شاری هەولێرو هەڵبژاردەی تۆپی پێی عێراق (سەلاحەدین سیامەند) ئەنجامدرا، بۆیە بەناوی هەفتەنامەکەمان و سەرجەم وەرزشوانانی شاری هەولێرو کوردستان هیوای ساغی و سەلامەتی بە پەلەی بۆ دەخوازین.

جێی باسە ئێستا (سەلاحەدین سیامەند) رەگەزنامەی رووسی پێ بەخشراوەو بەر لە نەشتەرگەرییەکەش یانەیەکی بولگاری بەنیازبوو بۆندێکی لەگەڵ مۆر بکات، کەچی (سەلاحەدین) بۆندەکەی رەت کردەوە، بەڵام بڕیاری داوە دوای چاک بوونەوەی بۆندێک لەگەڵ یانەیەکی رووسی مۆربکات بۆ ئەوەی لەویدا درێژە بە چالاکی وەرزشی خۆی بدات.

جێی وەبیرهێنانەوەیە (سەلاحەدین سیامەند) یەکێک لەیاریزانە باش و لێهاتووەکانی شاری هەولێرو هەڵبژاردەی تۆپی پێی عێراقەو رۆڵێکی دیارو بەرچاویشی هەبوو لە بزاڤی وەرزشی شاری هەولێرو هەڵبژاردەی عێراق.

عەبدولخالیق خەیات

یاریزانی دێرینی هەولێرو هەڵبژاردەی عێراق (عەونی سەید ئەحمەد)

لە قوتابخانەی (زازا) دەستم بە وەرزش کردو تا ئێستا خاوەنی (٦) بڕوانامەی مەشق و راهێنانم

یاریزانی دێرینی شاری هەولێرو هەڵبژاردەی تۆپی پێی عێراق (عەونی سەید ئەحمەد) ساڵی (١٩٦٨) لە قوتابخانەی (زازا) لەگەڵ یاریزانان ئازاد عەبدولرەحمان و رەشاد سابیرو چەند یاریزانێکی دیکە دەستی بە وەرزشی تۆپی پێ کرد، دواتر لەگەڕەکی عارەبان و لە تیپی لاوانی (سۆلاف) درێژەی بە چالاکی وەرزشیداوە.

لەیاری نێوان شورتەی هەولێرو شورتەی بەغدا عەونی سەید ئەحمەدو دوکلس عەزیز تەوقە لەگەڵ یەکتر دەکەن ١٩٨٧/٨/٢٣- هەولێر

سەرەتای چوونە نێو دنیای وەرزش

یاریزانی دێرین (عەونی سەید ئەحمەد) دەڵێ: ساڵی(١٩٦٩) لەیانەی وەرزشی هەولێر وەرگیرام، ئەوسا بەڕێز (محەمەد عوسمان) ئەرکی مەشق و راهێنانی یانەکەی وەرگرت، ئەوە بوو ساڵی (١٩٧٠) سەفەرێکی سوریامان کردو دوو یاری دۆستانەمان لەگەڵ هەردوو یانەی قامشلی و حەسەکە کرد یەکێکمان دۆڕاندو لە ئەوەی دیکە بەرامبەر بووین.

گەیشتن بە هەڵبژاردەی هەولێرو یانەی شورتە

ساڵی (١٩٧٣) توانیم بگەمە رێزی هەڵبژاردەی هەولێر، هەروەها لەساڵی (١٩٨٤) چوومە تیپی شورتە کە ئەو کاتە تیپی یەکەم و دووەمی هەبوو، من ئەو کاتە لە تیپی دووەم یاریم دەکرد پاشان بەهۆی لێهاتووی خۆمەوە لەیاریکردن هاتمە تیپی یەکەم، کە بەڕێز(محەمەد خەلیل) راهێنەرمان بوو.

هەر لەو ساڵەشدا بوومە راهێنەری یانەی شورتەو بەشداریمان لە پاڵەوانیەتی شورتەی عێراقی کردو توانیم جامی یەکەم بەدەست بێنم، ئەوساکەش یاریزانان ئازاد عەبدولرەحمان و مەسعود عوسمان و نەریمان محەمەدو سیروان شبیب و چەند یاریزانێکی دیکە بۆ شورتە یارییان دەکرد، هەر لەوەو (ئازاد عەبدولرەحمان و مەسعود عوسمان) یان بۆ یانەی شورتەی بەغدا بانگهێشت کرد ئەوەبوو بەناوی عێراق سەردانی ئەڵمانیایان کرد.

هەڵبژاردەی عێراق و پاڵەوانیەتی ئاسیا

هەر لە ساڵی (١٩٧٤) لە هەڵبژاردەی عێراق وەرگیرام بۆ ئەوەی سەفەری تەهران بکەین بۆ بەشداریکردن لە پاڵەوانیەتی ئاسیا، ئەوەبوو (١٥) رۆژێک لەگەڵ یاریزانان فەلاح حەسەن و هادی ئەحمەدو جەلیل حەننوون و رەحیم کەریم مەشقمانکرد، پاشان بڕیاریاندا هەڵبژاردەی لاوان بەشداری لەو پاڵەوانیەدا بەشداری بکات، بۆیە من وەک کوردێک لە هەڵبژاردەی لاوانی عێراق وەرگیرام و بەشداریم لەو پاڵەوانیەدا کردو توانیمان پلەی دووەم بەدەستبێنین دوای ئەوەی لەیاری کۆتاییدا بە (٢-١) گۆڵ بەرامبەرهەڵبژاردەی ئێران دۆڕاین.

بەدەست هێنانی بڕوانامەی مەشق و راهێنان

لەژیانی وەرزشیمدا (٦) بڕوانامەی مەشق و راهێنانم لە خولە جۆراو جۆرەکانی مەشق و راهێنان لەشاری بەغدا لە ژێر سەرپەرشتی لیژنەی ئۆلۆمپی عێراقی بەدەست هێناوە بە پلەی زۆر باشە، بەڵام دوابڕوانامەی مەشقکردنم ساڵی (١٩٨٥) بوو کە تایبەتمەندبوو بە (توانای جەستەیی - اللیاقە البدنیە).

دوورکەتنەوە لە وەرزش

لەساڵی (١٩٨٤) دوای ئەوەی تووشی پێکان هاتم و تەمەنیشم گەورە بوو بۆیە، وازم لە یاریکردن هێنا، دوای ئەو خزمەتە دوورو درێژەی وەرزش توانیم ببمە راهێنەری یانەی وەرزشی هەولێرو یانەی وەرزشی تورکمانیش.

ئا/ محەمەد سەعید کوردە

لێرەو لەوێ

* لەیاری نێوان بروسک و شورتە یاریزانانی یانەی وەرزشی هەولێر دیدار حامدو مۆفەق یونس و عیماد ئەسعەدو سائیر سلێوەو موخلێس ئەحمەد بۆ یانەی بروسک یارییانکرد، بۆیە جەماوەری وەرزشی دەپرسن ئایا ئەمانە تەنها لەو یارییە دۆستانەدا یارییان بۆ بروسک کردووە، یان یانەی هەولێرییان جێ هێشتووە؟!

* هەفتەی رابردوو سێ ئەندام لەدەرەوەی دەستەی کارگێڕی یانەی وەرزشی هەولێر چوونە شاری موسڵ بۆ قسەکردن لەمەڕ ئەو یارییە دۆستانەی کە لەسەر یاریگای شەهید فرەنسۆ هەریری لەنێوان هەولێرو موسڵ بەڕێوەچوو، بۆیە دەپرسین نەدەبوو یەک دوو ئەندامی دەستەی کارگێڕی یانەی هەولێر بەوکارە هەڵسابان؟

* جگە لەیاری تۆپی پێ دەبینین یارییەکانی دیکەش خەریکە لەبیرو هزری وەرزشوانان و وەرزش دۆستان دەچێتەوە، یەکێک لەو یارییانەش کە خاوەن وەرزشوان و هەوادارێکی زۆرە یاری باسکەیە، بۆیە هیوادارین دوای کردنەوەی بارەگای ئەنجومەنی باڵای وەرزش بیرێکی لێبکرێتەوەو رێو شوێنی گونجاوی بۆ دابندرێت.

* هەندێک وەرزشوان بۆ مەرامی تایبەتی خۆیان پاڵەوانیەک رێک دەخەن و هەر بە ئارەزووی ویستی خۆشیان چەند تیپێکی مام ناوەندی یان چەند تیپێکی بێ هێز داوەت دەکەن تەنها بۆ ئەوەی پاڵەوانییەکە بەدەست بێنن، ئەویش لەسەر حیسابی تیپە بەشداربووەکانی دیکەدا، خۆزگە دوای کردنەوەی بارەگای ئەنجومەنی باڵای وەرزش سنوورێکیش بۆ ئەو دیاردەیە دادەندرا.

* رەخنەی بنیادنەر خزمەتێکی زۆر پێشکەش دەکات و رووی گەشی راستییەکان دەخاتە بەرچاو، بەڵام ئەوەی جێگای داخە زۆربەی وەرزشوانان بەگیانێکی بەرزی وەرزشیەوە پێشوازی لەو رەخنە بەجێیانە ناکەن، جا کە قەڵەمی رۆژنامەنووسان ئاراستەیان دەکەن، جا ئەوانە لەجیاتی ئەوەی هەڵەکەی خۆیان راست بکەنەوە، کەچی دەگەڕێن بەدوای نووسەری بابەتە رەخنەییەکە بۆ ئەوەی گلەیی و گازاندەی لێ بکەن؟!

کوردە- عیماد

چەند وشەیەکی وەفاداری بۆ خوالێخۆشبوو (رزگار ساڵح)ی ناوبژیوان

زۆرن ئەوانەی بە دەروونێکی پاک و بێگەردەوە خزمەتی بواری وەرزشیان کردووەو تەمەنێکی دوورو درێژیان لەو پێناوەدا بەسەر بردووە کەچی زۆربەیان بارو بارگەیان تێکناوەو بەرەو دنیای ئەبەدیەت کۆچی یەکجارەکیان کردووە، یەکێک لەوانەش خولێخۆشبوو (رزگار ساڵح)ی ناوبژیوانە، رزگاری خوالێخۆشبوو لەساڵی (١٩٦٠) لە گەڕەکی ئیسکانی شاری هەولێر لەدایک بووەو دەرچووی پەیمانگای پزیشکی ئاژەڵ بوو و هەر لەتەمەنی منداڵیدا خووڵیای وەرزش بوو بۆیە لە ژیانی وەرزشیدا توانی بۆ گەلێک تیپ یاری بکات وەک کۆماری و لاوانی هەولێرو بنکەی لاوانی هەولێر و چەند تیپێکی دیکە، پاشان لەپێناو درێژەدان بەچالاکی وەرزشی بواری ناوبژیوانی بۆ خۆی هەڵبژاردو ساڵی (١٩٨٤) لەژێر سەرپەرشتی ناوبژیوانی نێو دەوڵەتی پێشووی عێراق سەلاح محەمەد کەریم بڕوانامەی ناوبژیوانانی پلە سێی بە سەرکەوتوویی وەرگرت، هەروەها ساڵی (١٩٨٧) بووە پلە دوو و لەساڵی (١٩٩٢)ش بووە ناوبژیوانی پلە یەکی عێراق، رزگاری خوالێخۆشبوو ئەرکی وەرزشی بەرێکوو پێکی بەڕێوەدەبردو هەمیشە بەشێوەیەکی هەق و عەدالەت مامەڵەی دەکرد بۆیە ببووە جێگای متمانەی هەموو لایەنەک، بەتایبەتیش لە خولی تۆپی پێی کوردستان و عێراقیدا وەک ناوبژیوانێکی کارامە هاتبووە مەیدان و چەندان یاری سەرکەوتووی شان بەشانی ناوبژیوانانی دیکە بەڕێوە دەبرد،بەڵام ئەوەی جێگای داخێکی زۆر بوو کاکە (رزگار ساڵح)ی ناوبژیوان لە رۆژی (٢٠٠٠/٧/٣٠) بەهۆی نەخۆشیەوە دڵە گەورەکەی لەلێدان کەوت و بۆ دواجار مالئاوایی لێکردین و بە کۆچی دوایی خوالێخۆشبوو بۆشاییەکی گەورە لە بزاڤی وەرزشی شاری هەولێر دروست بوو.

خوالێخۆشبوو لە دوای خۆی سێ کۆڕپەی چاوگەشی بەناوی (بژارو نورا و ساڵح) بەجێهێشت، بۆیە لەخودای گەورەو میهرەبان داواکارین کەجێگای خوا لێخۆشبوو بەهەشتی پان و بەرین بێت و سێبووریش بە خانەوادەو کەس و کاری بدات. (انا لله وانا الیه راجعون)

ئەردەڵان قادر

بڤە پەیڤ

شەوان کە بۆ ماڵەوە دەچمەوە بەلای فرنی سەمونی زیرەک رەت دەبم، کۆمەڵە وەرزشوانێکی لاو لەبەردەم فرنەکە دانیشتوون و گفتوگۆیەکی گەرم لەسەروەرزش بەگشتی و تۆپی پێ بەتایبەتی دەکەن.

ئەو لاوانە هەندێکیان لە تیپەمللیەکان یاری دەکەن و هەندێکیش یا دەستەی ئیداری تیپەکانن یا یاریزانی کۆنن و وازیان لە تۆپی پێ هێناوەو جار جارە چاوم بە هەندێک ناوبژیوانیش دەکەوت، ئەو ساتانەی گوێبیستی قسەکانیان دەبم باس لەیاریە جیهانیەکان و یانەکانی کوردستان تا یاری تیپەمللیەکان دەکەن و لە هۆکاری دۆڕاندن و بردنەوە دەکۆڵنەوە بۆ ئەوەی لەیارییەکانیان سوودی لێ وەربگرن.

ئەگەر سەیر بکەین کۆبوونەوەکەیان سوودێکی زۆری هەیە لەلایەک پتر شارەزایی وەرزشیان دەکاتو سوودی لێ وەردەگرن لەلایەکی تر فێری چۆنیەتی گفتوگۆی رەخنەگرانی بنیاتنەر دەبن و لە کێشەو گرفت دوور دەکەونەوە، ئەمەش مایەی دڵخۆشی و دەست خۆشیەیە خاوەنی فرنەکە، ئەگەر هاتوو خۆشەویستانی وەرزش بەم شێوەیە ببنە هاوکار بۆ تیپە میللیەکان و لەسووچێکی دوکان یا گازینۆ یا هەر شوێنێکی تر کە کاریگەری لەسەر کارەکەی نەبێت چەند مایەی دڵخۆشیەو لاوەکانی گەرەکەشیان لە کێشەو کاری لابەلا دووردەخەنەوە.

ئایا دەبێت بیر لەم کارە کرا بێتەوەو لایەنی پەیوەندیدار بۆ تیپەکان شوێنێکی تەرخان کردبێت؟

ئایا کەس هەوڵی داوە وەرزشوانان لەسەر بنەماکانی رەوشتی وەرزشی رابهێنێت بۆ ئەوەی ببن بە پێشنگی وەرزشی؟

ئایا یانەکانی وەرزشی هەوڵیان داوە لەشێوەی خاوەنی ئەو فرنە کافیتریایەک لە یانەکانیان بۆ وەرزشوانەکان بکەنەوە؟ یا هەریەکە تەنها بەرژەوەندییان یانەکەی دەبینێت و وەرزشوانانیش خۆرسکانە فێری رەوشتی وەرزشی دەبن، عێراق ئازادو کوردستانی بەهەشت کاتی ئەوە نەهاتووە یانەکان لەشێوەی یانە جیهانییەکان بەفرەوانترین شێوەلەخزمەتی وەرزشوانانبێت، بەتایبەتی یانە خاوەن جەماوەریەکان، یا بەرژەوەندی و چیتر نییە.

باوکی رێڤان

وێنەیەکی وەرزشی لەخۆی دەدوێ

زۆرجار لەناو یاریگای نێو دەوڵەتی شەهید فرەنسۆ هەریری چاومان بەماشێنێکی بچکۆڵە دەکەوێت کە پەکی کەوتووەو لەسەر بلۆکێک دانراوە ئەو مانشێنە بچکۆڵەیە جاران بۆ ریکخستنی فریزی نیو یاریگاکە بەکار دەهات، بەڵام ئێستا نازانین دەستەی کارگێری یانەی هەولێر بۆ بیرێک لە چاککردنەوەی ناکاتەوە بۆ ئەوەی وەک جاران بخرێتەوە کارو فریزی نێو یاریگاکە رێک بخاتەوە، رەنگە چاککردنەوەشی شتێکی ئەوتۆشی نەوێت و بارێکی هێندە قورسیش نەبێت.

وێنە/ مەحمود هەولێری

شەشەمین پاڵەوانیەتی تۆپی پێی جامی کیشوەرەکان (کۆنفیدرالیات)
فەڕەنسا 18 - 29 / 6 / 2003

(١ - ٢)

ئا: وریا محەمەد - عیماد قادر

گروپی A

فەڕەنسا

ژاپۆن

کۆلۆمبیا

نیوزیلەندە

گروپی B

بەڕازیل

تورکیا

کامیرۆن

USA

ئەمڕۆ چوارشەممە ٢٠٠٣/٦/١٨ یاریگاکانی جیرلانی شاری لیۆن و جیفرۆی غیشاری شاری سانت ئەتیان و ستاد دۆفڕانسی سان دۆنی شاری پاریس وڵاتی فەڕەنسا میوانداری یارییەکانی شەشەمین پاڵەوانیەتی تۆپی پێی ناسراو بەجامی کیشوەرەکان و چوارەمینی ناسراو بەجامی کۆنفیدرالیاتی کیشوەرەکان دەکات، بەبەشداربوونی (٨) وڵات کە نوێنەرایەتی کیشوەرەکانی ئەوروپاو ئاسیاو ئەفەریقیاو ئوسترالیاو ئۆقیانووسیاو ئەمەریکای باشوورو ئەمەریکای باکوورو کۆنکاکاف دەکەن. وڵاتە بەشداربووەکانیش بۆ دوو گروپ بەم شێوەی خوارەوە دابەش کراون:

گروپی یەکەم: (فەڕەنسا - ژاپۆن - کۆلۆمبیا - نیوزیلاندە)

گروپی دووەم: (بەڕازیل - تورکیا - کامیرۆن - U. S. A)

یارییەکانی هەر گروپێک بەسیستەمی خول ئەنجام دەدرێت، یەکەم و دووەمی هەر گروپێک دەگەنە قۆناغی پێش کۆتایی، یەکەمی گروپی یەکەم لەگەڵ دووەمی گروپی دووەم و بەپێچەوانەوەش یەکەمی گروپی دووەم و لەگەڵ دووەمی گروپی یەکەم بەیەک دەگەن، دۆڕاوییان بۆ دیاریکردنی سێیەم و چوارەم یاری دەکەن و براوەشیان لە ٢٠٠٣/٦/٢٩ بۆ وەدەستهێنانی جامەکە رووبەڕووی یەکتری دەبنەوە، بۆ زیاتر ئاشنابوونی خوێنەرانی خۆشەویستی هەفتەنامەکەمان رۆشنایی دەخەینە سەر ئەم پاڵەوانەتیەو کورتەیەکی مێژویی پاڵەوانیەتیەکانی پێشووترو هەروەها خشتەی تەواوی بەرنامەو کاتی سازدانی یارییەکانی ئەم پاڵەوانیەتیە بڵاودەکەینەوە.

چیرۆک و بیرۆکەی بە ئەنجام گەیاندنی ئەم پاڵەوانیەتیە

تا ساڵی ١٩٨٩ جگە لەیارییەکانی پاڵەوانیەتی تۆپی پێی مۆندیال و جامی نەتەوەکانی هەر شەش کیشوەرەکان بۆ هەڵبژاردە نیشتیمانیەکان و چەند پاڵەوانیەتیەکی دۆستانەو هەرێمایەتی نەبێت، چ پاڵەوانیەتیەکی بەیەکەوە بەستراوی نێوان سەرجەم کیشوەرەکان نەبوو لەساڵی ١٩٨٩ لە وڵاتی پادشانیشنی سعودی و لە لایەن میر فەیسەڵ کوڕی فەهد (سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی سعودی و عەرەبی ئەوسات) بیرۆکەیەک بۆ ئەنجامدانی پاڵەوانیەتیەک بۆ پاڵەوانانی سەرجەم کیشوەرەکانی جیهان گەڵاڵە بوو تا لە کۆتاییدا بەهێزترین و باشترین هەڵبژاردەی سەرجەم کیشوەرەکان نزیک لە پاڵەوانی جامی مۆندیال دەست نیشان بکرێت و ئەم هەڵبژاردە پاڵەوانەش وەکو پاڵەوانی جامی مۆندیال بیێتە مایەی رێزلێنان. لەدوای جم و جۆڵێکی توندوتۆڵی بەهێزی نێوان یەکێتی تۆپی پێی سعودی و ئاسیایی لەماوەی سێ ساڵدا هەنگاوی سەرکەوتووانەنرا بۆ لە دایک بوونی ئەم پاڵەوانیەتیە.

لەساڵی ١٩٩٢ بریاری لەدایک بوونی یەکەم پاڵەوانیەتی بەناوی جامی شافەهد بۆ پاڵەوانانی کیشوەرەکان نراو یەکەم پاڵەوانیەتیش لەماوەی ١٥تا ١٩٩٢/٩/٢٠ لەیاریگای شا فەهد بەڕێوەچوو.

بیرۆکەی سازدانی ئەم پاڵەوانیەتیە

بیرۆکەی بنەڕەتی سازدانی ئەم پاڵەوانیەتیە بەشداربوونی پاڵەوانی سەرجەم کیشوەرەکانی جیهانە (ئەوروپا، ئاسیا، ئەفەریقیا، ئەمەریکای باشوور، ئۆقیانووسیا «ئوسترالیاو نیوزیلەنداو دوورگەکان»، ئەمەریکای باکوورو ناوەڕاست) جگە لە وڵاتی میوانداروە پاڵەوانی پاڵەوانیەتی پێشووتر.

پاڵەوانیەتی یەکەم

پادشانشینی عەرەبی سعودی ١٥ - ١٩٩٢/٩/٢٠

لەیەکەم پاڵەوانیەتی دا تەنها (٤) هەڵبژاردە بەشدارییان تیادا کرد، ئەوانیش سعودیە «وڵاتی میواندار»- کۆت دیڤوار «پاڵەوانی جامی نەتەوەکانی ئەفەریقیای ١٩٩٢»- ئەرژەنتین « پاڵەوانی جامی نەتەوەکانی ئەمەریکای باشووری ١٩٩١»- U.S.A «پاڵەوانی کیشوەری ئەمەریکای ناوەڕاست و باکوری ١٩٩١».

بەڵام دانیمارک «پاڵەوانی جامی نەتەوەکانی ئەوروپای ١٩٩٢»و پاڵەوانی کیشوەری ئوسترالیاو ئۆقیانووسیا «بەهۆی ناچێگیربوونی ساتی ئەنجامدانی جامی نەتەوەکانی ئەم کیشوەرە» بەشداریان نەکرد، ئەمەش بەرنامەی یارییەکان بوو:-

* سعودیە × U.S.A (٣ - سفر) - ئەرژەنتین × کۆت دیڤوار (٤ - سفر).
* **یاری دیاریکردنی سێیەم و چوارەم:** U.S.A × کۆت دیڤوار (٥ - ٢).
* **یاری کۆتایی:** ئەرژەنتین × سعودیە (٣ - ١).

هەڵبژاردەی ئەرژەنتین یەکەم جامی ئەم پاڵەوانیەتیەی بردەوە.

پاڵەوانیەتی دووەم

پادشانشینی عەرەبی سعودی ٦-١٩٩٥/١/١٣

ئەنجامدانی یارییەکانی پاڵەوانیەتیەکان بۆ ساڵە تاکەکان گۆڕدرا بۆ ئەوەی لەگەڵ رێکەوتی بەرنامەی جامی نەتەوەکانی کیشوەرەکان و کۆتاییەکانی مۆندیال یەک نەگرێتەوە لەلایەکی دیکەوە، ئەم پاڵەوانیەتیەش بەفەرمی لەلایەن فیفاوە متمانەی پێ کرا. لە پاڵەوانیەتی دووەمدا (٦) هەڵبژاردە بەشداربیان کرد ئەوانیش (سعودیە - وڵاتی میواندار)، ژاپۆن (پاڵەوانی نەتەوەکانی ئاسیای ١٩٩٢)، نایجیریا (پاڵەوانی نەتەوەکانی ئەفەریقیای ١٩٩٢) ، دانیمارک (پاڵەوانی نەتەوەکانی ئەوروپای ١٩٩٢) مەکسیک (پاڵەوانی ئەمریکای باکور ناوەڕاستی ١٩٩٣) ، ئەرژەنتین (پاڵەوانی خولی پێشوو). پاڵەوانانی کیشوەری ئەمەریکای باشوور و ئۆقیانوسیاش بەشداربیان تیادا نەکرد، ئەمەش ئەنجامی تەواوی یارییەکانە:

*** گروپی یەکەم:**

مەکسیک×سعودیە (٢-٠) - دانیمارک ×سعودیە (٢-٠)

مەکسیک × دانیمارک (١-١) (٢-٤ ل.س) یەکلاکەرەوە لەبەرژەوەندی دانیمارک بەکۆتا هات.

هەڵبژاردەی فەڕەنسا پاڵەوانی جامی (٥)ەمینی کیشوەرکان

***گروپی دووەم:**

نایجیریا× ژاپۆن (٣-٠) - ئەرژەنتین× ژاپۆن (٥-١) نایجیریا×ئەرژەنتین (٠-٠).

*** یاری بۆ دیاریکردنی سێیەم و چوارەم :** مەکسیک×نایجیریا (١-١) (٥-٤ ل.س) لەبەرژەوەندی مەکسیک بەکۆتا هات.

*** یاری کۆتایی:** دانیمارک×ئەرژنتین (٢-٠).

پاڵەوانیەتی سێیەم

پادشانیشنی عەرەبی سعودی ١٢- ١٩٩٧/١٢/٢١

ئەم پاڵەوانیەتیە ناوەکەی لەجامی شافەهد بۆ کیشوەرەکان بۆ جامی کیشوەرەکان (کۆنفیدرالیات) بەفەرمی گۆڕدرا. بۆ یەکەم جار (٨) هەڵبژاردەو بەڕازیلیش بۆ یەکەمجار تیایدا بەشداری کرد. ئەم پاڵەوانیەتیە لەگەڵ دوو پاڵەوانیەتیەکەی دیکە جیاوازیەکی زۆری هەبوو ئەویش بەهۆی خۆ ئامادەکردنی هەڵبژاردەکان بۆ مەبەستی بەشداری کردنیان لەکۆتاییەکانی مۆندیالی ١٩٩٨ گرنگییەکی تایبەتی هەبوو. وڵاتە بەشداربووەکان، بەڕازیل (پاڵەوانی ئەمەریکای باشوور) - سعودیە (وڵاتی میواندار)- ئیمارات (دووەمی ئاسیا) - ئوستراليا (پاڵەوانی ئۆقیانووسیا) - باشووری ئەفەریقا (پاڵەوانی ئەفەریقیا) - چیک لەبری ئەڵمانیا (دووەمی ئەوروپا) مەکسیک (پاڵەوانی ئەمەریکای باکورو ناوەڕاست) - ئۆرگوای لەبری ئەرژەنتین کە ئەویش بریار بوو لەشوێنی دانیمارک پاڵەوانی پێشووتر بەشداری بکات ئەمەش ئەنجامی تەواوی یارییەکانە:

گروپی یەکەم :

* بەڕازیل×سعودیە (٣-٠) - ئوستراليا×مەکسیک (٣-١)
مەکسیک×سعودیە (٥-٠) - ئوستراليا×بەڕازیل (٠-٠)
سعودیە×ئوستراليا (١-٠)- بەڕازیل×مەکسیک (٣-٣)

گروپی دووەم:

* باشووری ئەفەریقیا×چیک (٢-٢) - ئورگوای×ئیمارات (٢-٠)
* ئیمارات×باشووری ئەفەریقیا (١-٠) - ئۆرگوای×چیک (٢-١)
* چیک ×ئیمارات (٦-١)- ئۆرگوای×باشووری ئەفەریقیا (٤-٣)
* **یاری پێش کۆتایی:** بەرازیل×چیک(٢-٠)-ئوستراليا×ئۆرگوای (١-٠).
* **یاری دیاریکردنی سێ یەم و چوارەم:** چیک×ئۆرگوای (١-٠)
* **یاری کۆتایی:** بەرازیل×ئوستراليا (٣-٠) .

پێکهاتەی هەڵبژاردەی فەڕەنسا بۆ جامی کیشوەرەکان

گۆڵچی: فابیان پارتیز (مانشستەر یونایتدی ئینگلیزی) گریگۆری کوبیە (لیۆن) - میکایل لاندرۆ (نانت).

*** هێڵی بەرگری:** مارسیل دۆسایی - ولیام گالاس (چێلسی ئینگلیزی)- بیکسنتی لیزارازۆ- ویلی سانیۆل (بایرەن میونخی ئەڵمانی) فیلیپ میکیس - جان ئالان بۆمسۆنگ (ئۆکسێر)- میکایل سیلڤستەر (مانشستەر یونایتدی ئینگلیزی)- لیلیان تورام (یۆڤانتۆسی ئیتاڵی).

*** هێڵی ناوەڕاست:** لۆدفیک جیولی - جیرۆم رۆثن (مۆناکۆ) بینوا بدریتی (سۆشۆ) ئیمانویل پوتی (چێلسی ئینگلیزی)- رۆبیرپێرس- سیلڤان ویلتۆرد (ئارسنالی ئینگلیزی)- ئۆلۆڤیەداکۆر (رۆمای ئیتاڵی) - عوسمان دابۆ (ئەتلانتای ئیتاڵی).

هێڵی هێرشبردن: جبریل سیسی (ئۆکسێر) - تیری هینری (ئارسنالی ئینگلیزی) ستیڤ مارلیە (فۆلهامی ئینگلیزی) سیدنی گۆفۆ (لیۆن).

خشتەی تەواوی یاریەکان بەکاتی کوردستان بەم شێوەیە:

رۆژو رێکەوت	یاری	یاریگا	کاتژمێر
چوارشەممە ٢٠٠٣/٦/١٨	ژاپۆن - نیوزیلەندە	سانت دێنس	٩ی شەو
چوارشەممە ٢٠٠٣/٦/١٨	فەڕەنسا- کۆلۆمبیا	لیۆن	١١ی شەو
پێنج شەممە ٢٠٠٣/٦/١٩	تورکیا - ئەمریکا	سانت ئیتیان	٩ی شەو
پێنج شەممە ٢٠٠٣/٦/١٩	بەرازیل - کامیرۆن	سانت دێنس	١١ی شەو
هەینی ٢٠٠٣/٦/٢٠	کۆلۆمبیا - نیوزیلەندە	لیۆن	٩ی شەو
هەینی ٢٠٠٣/٦/٢٠	فەڕەنسا - ژاپۆن	سانت ئیتیان	١١ی شەو
شەممە ٢٠٠٣/٦/٢١	کامیرۆن - تورکیا	سانت دێنس	٩ی شەو
شەممە ٢٠٠٣/٦/٢١	بەرازیل - ئەمریکا	لیۆن	١١ی شەو
یەک شەممە ٢٠٠٣/٦/٢٢	فەڕەنسا - نیوزیلەندە	سانت دێنس	١١ی شەو
یەک شەممە ٢٠٠٣/٦/٢٢	ژاپۆن - کۆلۆمبیا	سانت ئیتیان	١١ی شەو
دووشەممە ٢٠٠٣/٦/٢٣	بەرازیل - تورکیا	سانت ئیتیان	١١ی شەو
دووشەممە ٢٠٠٣/٦/٢٣	کامیرۆن - ئەمریکا	لیۆن	١١ی شەو

قۆناغی پێش کۆتایی

پێنج شەممە ٢٠٠٣/٦/٢٦	یەکەمی گ. یەکەم × دووەمی گ. دووەم	سانت دێنس	٨ی ئێوارە
پێنج شەممە ٢٠٠٣/٦/٢٦	یەکەمی گ. دووەم × دووەمی گ. یەکەم	لیۆن	١١ی شەو

یاری دیاریکردنی پلەی سێ یەم

شەممە ٢٠٠٣/٦/٢٨	دۆڕاوی یاری یەکەم × دۆڕاوی یاری دووەم	سانت ئیتیان	٨ی ئێوارە

یاری کۆتایی

یەک شەممە ٢٠٠٣/٦/٢٩	براوەی یاری یەکەم × براوەی یاری دووەم	سانت دێنس	١١ی شەو

پێکهاتەی هەڵبژاردەی بەڕازیل بۆ جامی کیشوەرەکان

*** گۆڵچی:** دیدا (میلانی ئیتاڵی) - فابیۆ (فاسکۆدی گاما)- جۆلیۆسیزار (فلامانگۆ).

*** هێڵی بەرگری:** بیللیتی (فیاریالی ئەسپانی)- فابیۆئۆریلیۆ(ڤالانسیای ئەسپانی)- جوان ولوسیو (بایەر لیڤەرکوزنی ئەڵمانی)- فابیۆ لۆسیانۆو کلیبەر(کۆرینثیانز) - ئیدۆ دراسیناو ماورینیۆ (کرۆزیرۆ).

*** هێڵی ناوەڕاست:** ئەدواردۆ کۆستا (بۆردۆی فەڕەنسی)- ئیمرسۆن (رۆمای ئیتاڵی) ئەدریانۆ و کلیبرسۆن (ئەتلەتیکۆ بارانیانسی) ئەلیکس (کرۆزیرۆ) - دۆدۆ(فیتۆریا) - ریکاردینۆ (ساوپاولۆ).

*** هێڵی هێرشبردن:** ئەدریانۆ (پارمای ئیتاڵی)- رۆناڵدینهۆ گاوتشۆ (پاریس سان جێرمانی فەڕەنسی)- جیل (کۆرنیثیانر) - لویس فابیۆ (ساوپاولۆ)- ئیلان (بارانیانسی).

چەند زانیارییەک دەربارەی وڵاتە بەشداربووەکانی جامی کیشوەرەکان

ناوی وڵات	ناوی پایتەخت	ڕووبەر کیلۆمەتر	ژ.دانیشتوان ملیۆن	ساڵی وەرگیرانی لەفیفا
بەرازیل	بەرازیلیا	٨,٥١١,٩٦٥	١٦٥	١٩٢٣
فەڕەنسا	پاریس	٥٥١,٥٠٠	٥٨	١٩٠٤
کامیرۆن	یاوەندی	٤٧٥,٤٤٢	١٣	١٩٦٢
تورکیا	ئەنقەرە	٧٧٩ ،٤٥٢	٦٢	١٩٢٣
ژاپۆن	تۆکیۆ	٣٧٧,٧٤٨	١٢٥	١٩٢٩
USA	واشنتۆن	٩,٥٢٩ ،١٤٣	٢٦٥	١٩١٣
کۆلۆمبیا	بۆگۆتا	١,١٣٨,٩١٤	٣٥	١٩٣٦
نیوزیلەندە	ولنگتۆن	١٦٩,٠٥٧	٣,٥	١٩٤٨

ڕەنگی درێس

فانیلە	شۆرت	گۆڕەوی
زەرد	شین	سپی
شین	سپی	سۆر
سەوز	سۆر	زەرد
سور	سپی	سۆر
شین	سپی	شین
سپی	سپی	سپی
زەرد	شین	سۆر
سپی	سپی	سپی

گرنگترین یانەکانی

ساوپاولۆ
مۆناکۆ
کانون یاوەندی
گەڵاتەسەرای
جۆبلیۆ ئیواتا
واشنتۆن یونایتد
ناسیونال میدیلین
ماونتن ولنگتۆن

گرنگترین دەستکەوتە وەرزشییەکانی

جامی مۆندیال (٥) جار، دووەمی مۆندیال(٢)جار، جامی کوپا ئەمەریک(٦) جار، جامی کیشوەرەکان(١)جار.
جامی مۆندیالی (١٩٩٨)، جامی نەتەوەکانی ئەوروپا (٢) جار، جامی کیشوەرەکان (١) جار.
جامی نەتەوەکانی ئەفەریقیای ساڵانی (١٩٨٤، ١٩٨٨، ٢٠٠٠)، پاڵەوانی ئۆلۆمپیادی (٢٠٠٠).
سێیەمی مۆندیالی (٢٠٠٢) لەکۆریای باشوورو ژاپۆن.
جامی نەتەوەکانی ئاسیای (١٩٩٢، ٢٠٠٠)، سێیەمی ئۆلۆمپیادی (١٩٦٨).
جامی گۆڵد کاپی (کۆنکاکاف)ی ساڵانی (١٩٩١، ٢٠٠٢).
جامی کوپا ئەمەریکای (٢٠٠١).
جامی ئۆقیانووسیای (١٩٩٨، ٢٠٠٠).

دوالا پەڕە
ژمارە (٢٧٨)
چوارشەممە ٢٠٠٣/٦/١٨

لەم هەفتەیەدا

١٩-٦/٢٢ پاڵەوانیەتی یارییەکانی گۆڕەپان و مەیدانی ئەمەریکا لە بالۆئالتۆ ئەنجام دەدرێت.
٢٠-٢١-٦/٢٢ یارییەکانی تۆپی پێی خولی دووەمی قۆناغی دووەمی «هاتن»ی پاڵاوتنی جامی نەتەوەکانی ئەفەریقیا بەڕێوەدەچێت.
٢١-٦/٢٢ پاڵەوانیەتی یارییەکانی گۆڕەپان و مەیدان بۆ جامی ئەوروپا لە یاریگای فلۆرەنسا لە ئیتاڵیا سازدەکرێت.
٦/٢٢ دوا جەولەی یارییەکانی خولی تۆپی پێی ئەسپانیا بەڕێوەدەچێت.
٦/٢٢ یاری کۆتایی پاڵەوانیەتیەکانی نۆتنگهامی ئینگلیزی پیاوان و ئایستبۆنی ئینگلیزی ئافرەتان ئەنجام دەدرێت.
٦/٢٢ کۆتایی هاتنی حەوتەم پێشبڕکێی رالی لەمیانی پاڵەوانیەتی جیهان لە قوبرس.
٦/٢٣ پاڵەوانیەتی وێمبلدۆن بۆ تێنسی سەرزەوی پیاوان و ئافرەتان لە ئینگلتەرا دەست پێ دەکات ئەم پاڵەوانیەتیەش یەکێکە لە چوار پاڵەوانیەتیە گەورەکانی تێنسی سەرزەوی جیهانی.

یاریزانی تۆپی پێ یانەی وەرزشی سەرچنار «هێرش عەبدولڕەزاق»:-

باری ژیانی تایبەتی خۆم و زۆر داواکردنم لەلایەن یانەکانەوە هۆکارێک بوون بۆ یاریکردنم لە چەندین یانەدا

یاریزانی تۆپی پێی یانەی وەرزشی سەرچنار هێرش عەبدولرەزاق، یاریزانێکە لە چەندین یانەی شاری هەولێر یاری کردووە، بۆ چەند ساڵێک بەردەوام لەیانەی هەولێر گیرساوەتەوە،دواتر هەر ساتێک بۆ یانەیێک یاریزان بووە دەربارەی کاروانی ژیانی تایبەتی وەرزشی ئەم یاریزانە دیدارێکمان لەگەڵیدایە ئەنجامدا:-

*** چۆن لەگەڵ یاری تۆپی پێدا ئاشنا بوویت؟**
– هەر لە منداڵییەوە وەرزش بەگشتی و یاری تۆپی پێم بەتایبەتی خۆش ویستووە، قوتابخانەو تیپە میلیلیەکان رۆڵێکی سەرەکیان هەبووە بۆ بڕەودان بە ئاستی وەرزشیم، لە قوتابخانەکانی ئەردەلانی سەرەتایی و ناوەندی برایی و ئامادەیی پیشەسازی نوێنەرایەتی تیپەکانم کردووە، لە ساڵی ١٩٨٦ لەگەڵ ناوەندی برایی پلەی دووەمان لەسەر ئاستی قوتابخانەکانی هەولێر هێناوەتەوە.

*** بۆ چەند ساڵ لە ریزی یانەی هەولێر یاریزان بوویت؟**
– لە سەرەتادا لە ساڵانی ١٩٩٢و١٩٩٣ بۆ لاوانی یانەی هەولێر یاریم دەکرد بەڵام دواتر بۆ ریزی تیپی یەکەمی یانەی هەولێر بانگهێشت کرام و، تا ساڵی ١٩٩٨ لەگەڵیاندا بەردەوام بووم.

*** زانیوومانە تۆ لە چەندین یانەی شاری هەولێر یاریت کردووە، چۆن ئەمەلێک دەدەیتەوە، بۆ چەند یانەش یاریت کردووە؟**
– باری ژیانی تایبەتی خۆم و زۆر داواکردنم لەلایەن یانەکانەوە هۆکارێک بوون بۆ یاریکردنم لە چەندین یانەدا، لە دوای یانەی هەولێر تا ساڵی ٢٠٠٠ بۆ یانەی ئاسۆ و دواتر بۆ یانەی تورکمان و لە ساڵی (٢٠٠٢)ەوە لە ریزی یانەی سەرچنار یاریم کردووە.

*** گەر جارێکی دیکە داوات لێ بکرێت بۆ یاریکردن لە یانەی هەولێر رەزامەندی خۆت دەردەبڕیت؟**
– نەخێر.. بەهۆی باری تایبەتی ژیانی خۆم ئەم دەرفەتەم نییە.

*** ئەو تیپە میلیلیانەی یاریت بۆ کردوون**

کامانەن، باشترین دەستکەوتتان لەگەڵیاندا چین، بە بۆچوونی تۆ چی بکرێت باشە بۆ تیپە میللی یەکان؟
– لە تیپەکانی فەڵەستین و تەحریرو شۆرش و گردەمەند یاریزان بووم. لە ساڵی ٢٠٠١ لەگەڵ تیپی شۆرش جامی پاڵەوانیەتی بارزانی نەمرمان بردەوە کە ئەمەش بە باشترین دەستکەوتی وەرزشی لە قەڵەم دەدەم. من وای بەباش دەزانم زیاتر گرنگی بە تیپە میلیلیەکان بدرێت و یاریگای گونجاویان بۆ دروست بکرێت، لەبەر ئەوەی ئەم تیپە میلیلیانە بەردی بناغەی پێشکەوتنی تۆپی پێی شاری هەولێر دادەنرێن.

*** ئەو ڕاهێنەرانەی مەشقیان پێداوی و خۆت بە قەرزاریان دەزانیت کێن؟**
– بەرێزان مامۆستا عەبدولقادرو مەحمود عەزیزو عەبدوڵڵا مەحمود.

*** ئەو یارییەی هەموو کاتێک لە بیرتدا زیندوو ماوەو جێگیرە؟**
– یاریمان لەگەڵ یانەی هەولێر بەرامبەر یانەی عیمارە لە یاریگای موسڵ بوو ئەنجامەکەشی لە بەرژەوەندی ئێمە (٣-٢) گۆڵ بوو.

*** خۆشترین و ناخۆشترین یاریگا کە یارییت تیادا کردووە کامانەن؟**
– خۆشترینیان یاریگای شەعب لە بەغدا و ناخۆشترین یاریگای شێخان بوو کە بەهەموو شتێک دەچوو تەنها یاریگا نەبێت!!

*** حەز دەکەیت کەسایەتی خۆت لەنێو چ یاریزانێکی هەولێر- عێراق- جیهانیدا بدۆزیتەوە؟**
– فازڵ عەباس و حەبیب جەعفەرو لویس فیگۆ.

*** هانی کام یانەی عێراقی و ئەوروپی و هەڵبژاردەی جیهانی دەدەیت؟**
– جەویە- ریال مەدرید- هەڵبژاردەی ئەڵمانیا.

*** گەر رۆژنامەنووسی وەرزشی بیت یەکەم دیداری وەرزشی لەگەڵ کێ دا دەکەیت؟**
– یاریزانێکی لاوی تازە پێگەیشتوو.

*** خۆزگەت چی یە؟**
– زیاتر گرنگی بە یاریزانە تازە پێگەیشتوانی شارەکەمان بدرێت تا زوو خۆیان لە ریزی یانەکانی شارەکەمان بدۆزنەوە.

عیماد قادر

یاریزان لە چەند دێڕێکدا

ناوی تەواوی: هێرش عەبدولرەزاق عوسمان.
ناوی یانە: سەرچنار
شوێنی یاریکردن: هێڵی ناوەڕاست
ژمارەی فانیلەی: ٢١
باری خێزانی: خێزانداره
ئاستی خوێندەواری: ئامادەیی پیشەسازی

پۆزش

لە ژمارەی رابردووی هەفتەنامەکەمان لەگۆشەی هەموو چوارشەممان بەهەڵە لەبڕگەیەکدا لەبری دەیەمین خولی بارزانی نەمر یازدەمین خولی بارزانی نەمر نووسرابوو هەروەها لەژمارە تیپە مللیەکان لەبری (٣٠٠)تیپ (٢٠٠) تیپ نووسرابوو داوای لێبوردن لەخوێنەرانی بەڕێز دەکەین.

ئەلبومی دوا لاپەڕە

میاهام- U.S.A

سەرکردەی تۆپی پێی ئافرەتان



*** ناوی تەواوی:** میریل مارگرێت ناسراو بە میاهام
*** جۆری یاری:** تۆپی پێ
*** ژمارەی درێس:** ٩
*** رۆژی لە دایک بوون:** ١٩٧٢/٣/١٧
*** نازناو:** بەهۆی جوانی وەکو بووکۆکەی منداڵان نازناوی (باربی) لێنراوە
*** شوێنی لە دایک بوون:** ویلایەتی ئالاباما- USA
*** پێکهاتەی خێزانی:** باوکی (ئەفسەر لە هێزی ئاسمانی ئەمەریکی)و دایکی (ستیڤانی) و چوار برای.
*** ئاستی خوێندەواری:** لیسانس لەزانیاری سیاسی کۆلیژی کارۆلینا
*** چۆن یاری تۆپی پێ ی ناسی:**
– دایکی دەڵێ پێش ئەوەی بەپێ بڕوات یاری بەتۆپ کردووە
– لە (٥) ساڵی یەوە یاری تۆپی پێی کردووە و لە (١٤) ساڵی دا زۆرترین کاتی بۆ ئەم یاریە تەرخان کردووە.
*** کاروانی لەگەڵ هەڵبژاردەی USA**
– لە ساڵانی ١٩٨٧ تا ١٩٩٤ سەرکردایەتی هەڵبژاردەی USA ی کردووە
– لە ساڵی ١٩٨٧دا یەکەم یاری نێودەوڵەتی بەرامبەر چین ئەنجام داوە (لەو کاتەدا بچوکترین یاریزانی هەڵبژاردەی وڵاتەکەی بووە).
*** گرنگترین دەستکەوتە وەرزشی یەکانی:**
– یاریزانی سەدە
– جامی مۆندیالی ساڵی ١٩٩١
– دووەمی مۆندیالی ساڵی ١٩٩٥
– میدالیای زێڕینی ئۆلۆمپیادی ئەتلانتا لە USA ی ساڵی ١٩٩٦
– میدالیای زێڕینی ئۆلۆمپیادی یاریە نیاز چاکەکانی ساڵی ١٩٩٨
– جامی مۆندیالی ساڵی ١٩٩٩ (بەباشترین یاریزانی ئەم خولە دانرا)
– دووەمی ئۆلۆمپیادی سیدنی لە ساڵی ٢٠٠٠
– تۆپی زێڕینی ساڵی ٢٠٠٠ ی پێ بەخشراوە
– باشترین یاریزانی تۆپی پێ ی ئافرەتانی ساڵی ٢٠٠١ - ٢٠٠٢

شێت و شەیدای سەبەتە!!

یاریزانی تۆپی باسکەی یانەی (بامیزا ڤالانسیا)ی ئەسپانی (فیدیریکۆ کامیریش)ی ئەرژەنتینی، لە دوای ئەوەی لەگەڵ یانەکەی جامی ئەسپانیای بە دەستهێنا، بەمەبەستی دەربڕینی خۆشی نێو دڵی بڕیاری وەستان لەسەر ئەڵقەی ئاسنینی سەبەتەی گۆڵەکەی دا بۆ ئەم مەبەستەش یا دەبوایە بەسەر شانی هاوڕێیەکی دا سەرکەوتبوایە یاخود خۆی بازی بۆ ئەلقەکە بدایە!! بەڵام فیدریکۆ رێگاچارەی دووەمی هەڵبژاردوو بەتەنها سەرکەوتە سەر بازنە ئاسنینەکەی سەبەتەکەو، تۆڕی سەبەتەکەی لێ کردەوەو لەسەر بازنە ئاسنینەکە وەستا.. درێژی ناوبراو ٢/.٣ مەترەو بەرزی بازنە ئاسنینەکەش ٣/.٥ مەترە. بەمجۆرە کۆی درێژییەکەی گەیشتە زیاتر لە (٥) مەتر، بەرزتر لە نهۆمێکی باڵەخانەیەک!!

سینی دەسەڵات!!

هەرچەندە پێ ی دەوترێت سینی دەسەڵات، بەڵام ئەمە تەنها قەڵغانی خولی تۆپی پێ ی ئەڵمانییە کە ئەمساڵ یاریزانی یانەی بایرن میونخ بە بەدەستهێنانی شادومان بوون.

ناوی فەرمی: جامی پاڵەوانیەتی مێژووی دروستکردنی: ساڵی ١٩٤٩
فراوانی: ٥٩سم
کێشی: ١١کگم
پێکهاتەی کانزایی: زیو

وەستا دروست کەرەکانی: ئەلیزابێت تریسکۆو ئەدۆلف کینیش
بەهاکەی: (٢٥) هەزار یۆرۆ.

!!

یاریزان (واین مایک)ی یانەی ئەریزۆنای یاری بیسبۆلی ئەمەریکی، زۆر بە ئاست و بەهرەی هەردوو ئەستێرەی جیهانی تێنسی سەرزەوی شتیفی گرافی یاریزانی پێشوو ئەندرێ ئەگاسی سەرسامە، بەمەبەستی زیاتر نزیک بوونەوە لەم دوو ئەستێرەیە یاریزانی ناوبراو تەنها بڕی (٥٠) هەزار دۆلاری ئەمەریکی بەخشی بۆ ئەوەی هەردووکیان بۆ ماوەی تەنها سەعاتێک لە بازاڕدا لەگەڵی دا گەشتێکی نێو بازاڕ بکەن!!. جێ بەجێ کردنی ئەم کارەش بەبۆندێک لەلایەن پارێزەرێکەوە بەڕێوەچوو. لە ئەنجامدا هەریەکە لەم دوو ئەستێرەیە (٢٠) هەزاردۆلاریان وەرگرت و (١٠) هەزاردۆلارەکەی دیکەش بە پارێزەرەکە درا!!،ئەمەیە کورد گوتەنی شەڕ لە بەتاڵی باشترە!!.

کاوە محەمەد

مارادۆناو تەڵەی «کامیرای شاراوە»!!

ئەفسانەی تۆپی پێ ی پێشووی ئەرژەنتینی «مارادۆنا»بەبێ ئەوەی ئاگاداربێت، وەکو نێچیرێکی چەور کەوتەنێو تەڵەی کامیرای شاراوەوە. مارادۆنا کە ئێستاوازی لە یاری تۆپی پێ هێناوەو رووی لە یاری گۆڵف کردووە، لە یەکێک لە پاڵەوانیەتیەکانی یاری گۆلف لە یانەی «لاگۆلینۆ» لە فویجی و نزیک دەریاچەی «کۆمۆ» لە شاری فلۆرەنسای ئیتاڵی بەشداری دەکرد. لە ساتی یاری کردندا هەروەکو لە وێنەکانی کامیرای شاراوەکەدا دیارە قاچەکانی خلیسکاوکەوتە نێو ئاوی دەریاچەکەوە جێی باسە ئەم گرتانەش لە بەرنامەی پێکەنینناوی تەلەفزیۆنی ئیتاڵی بەناوبانگ «شیرزی ئاباریتە» پیشان دەدرێت!!. شایانی وتنە مارادۆنا هەرچەندە ساڵانێکە وازی لە یاریکردنی تۆپی پێ هێناوە، بەڵام لەلایەن ئیتاڵیەکانەوە وەکو ئەستێرەیەک مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت لەبەر ئەوەی ئیتاڵی یەکان بەبەشێک لە مێژووی تۆپی پێ ی وڵاتەکەیانی دادەنێن جێی وەبیرهێنانەوەیە مارادۆنا لە پێشتردا بۆ یانەی ناپولی ئیتاڵی یاری کردووە.

ئەحمەد عەبدولعەزیز

با بایەخ بەیاریە تاکەکان بدەین

بەدەست بەکاربوونی لێژنەی باڵای وەرزش لە کوردستان سەرەتاییەکی نوێ بۆ وەرزش دەست پێدەکات و بۆ ئەوەی سەرەتایەکە راست و دروست بێ پێویستە لەسەر بنەمایەک دەست پێ بکات کە پەیڕەو و پرۆگرامی پوختی بۆ ئامادە بکەن تا بەشێوەیەکی زانستانە دەست بەکار بین.
لەناوەڕاستی هەفتاکاندا کە نوێنەرایەتی لێژنەی ئۆلۆمپی لەشارەکانی کوردستاندا دامەزرا هەموو یەکێتیە وەرزشیەکانیان دامەزراندو دەست بەکار بوون و وەرزش بەراستی لەو کاتەوە بەشێوەیەکی زانستانە بەڕێوە دەچوو هیچ جیاوازیەک نەبوو لەنێوان یارییەکاندا هەمووی بەیەکەوە بەرەو پێش دەڕۆیشت و لە ئەنجامی ئەوەدا یاریە تاکەکانمان زۆر بە پێشکەوت بەتایبەتی لە ئاسن و لەش جوانی و تێنسی سەرمێزو یاریەکانی گۆڕەپان و مەیدان و زۆرانبازی و شەترەنج... تا وای لێهات هیچ هەڵبژاردەیەک لەیاریە تاکەکان نەبوو بێ ئەوەی یاریزانی هەولێری تێدا نەبێ بەڵکو زۆرانیان بوونە پاڵەوانی عەرەب و ئاسیایی لەسەر ئاستی کیشوەر ئەنجامیان بەدەست دەهێنا بەڵام نەگەیشتینە ئاستی تیپەکانی پایتەخت یان هەندێ لەپارێزگاکان بۆیە پێش نیار دەکەم کە لێژنەی باڵای وەرزش لە کوردستان کە لەسەرەتای کارەکانیان بایەخێکی زۆر یەیاریە تاکەکان بدەن چونکە ئێستا هەموو عێراق وەکو یەکە لەبارەی بنکەی وەرزش کەس لەکەس باشتر نیەو وەرزشوانانمان لەتوانای جەستەیی پێش کەوتوترن لەشارەکانی تری عێراق و ئاوو هەوامان زۆر یاریدەدەرە بۆ پێش کەوتن و بوارمان باشتر بۆ رەخسایە. با هەتا زووە دەست بە مەشق بکەین تا شوێنی خۆمان بگرینەوە لەهەڵبژاردەکانی عێراق و بیسەلمێنین کە هەرەدم وەرزش وانانی ئێمە هیچیان کەم تر نیە لە وەرزش وانانی دەورووبەر.

بەڕێوەبەری نوسین

وەرزش
هەفتەنامەیەکی وەرزشییە
وەزارەتی رۆشنبیری
دەری دەکات
خاوەنی ئیمتیاز
مەحمود محەمەد
سەرنووسەر
ئەحمەد ئیسماعیل
Ministry oF Culture
Sports Newspaper
E- Mail: Warzsh@yahoo.com
2271336/113-131
فەرزو جێبەجێکردنی هونەری و چاپ
بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەی رۆشنبیری - هەولێر